# گەڕی پێنج پڵەس و شەشەمی گرێبەستە نەوتی و گازییەکانی عێراق بە قازانجی زیاتر لە ٪30 بۆ کۆمپانیاکان کۆتاییهات

14-05-2024

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : لەم گەڕەدا 22 کۆمپانیا لە 13 وڵاتی جیهانەوە ئامادەیی خۆیان بۆ وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتی و گازییەکان و هاوبەشەکانی عێراق دەربڕی، بەڵام تەنیا کۆمپانیاکانی چین و هەرێمی کوردستان توانیان لە کێبڕکێی تەندەرین و پەرەپێدانی ئەم کێڵگانە بەڕێژەی قازانجی ٪6.67 بۆ ٪32 گرێبەستەکان ببەنەوە و واژۆیان بکەن.

## بەرایی

دوای شەش ساڵ لە ئامادەکردنی گەڕێکی دیکەی گرێبەستە نەوتی و گازییەکان لە عێراق و، ئەنجامدانی چەندین وۆرکشۆپ بۆ کۆمپانیاکان و، پێداچوونەوە بە جۆری گرێبەستەکان بە گۆڕینی ڕێژەی موڵکانە و ڕێژەی کۆمپانیاکان لە قازانجی وەبەرهێنان لەم کێڵگانەدا، سەرئەنجام لە کۆی 29 پرۆژەی ئامادەکراو، 13 پرۆژە سەرنجی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانیان ڕاکێشا.

ڕۆژانی 11 بۆ 13ـی ئایاری 2024 لە بەغدا، بەسەرپەرشتی و ئامادەبوونی سەرۆکوەزیران گەڕی پێنج پڵەس و شەشەمی گرێبەستەکان دەستپێکرد، کە 22 کۆمپانیا لە هەموو جیهانەوە بەبێ ئەمریکییەکان بەشداربیان لە کێبڕکێی بردنەوەی گرێبەستەکان دا پێشکێشکردبوو، بەڵام تەنیا کۆمپانیا چینییەکان و تاکە کۆمپانیای عێراقی - کوردستانی توانییان گرێبەستەکان بەرێژەی جیاوازی قازانج لەدوای تێچووی وەبەرهێنان کە گەیشتووەتە ڕێژەی سەروو 30٪ بەدەستبێنن.

بەپێی داتای گرێبەستی ئامادەکراوی پرۆژەکان بۆ وەبەرهێنان لە گەڕی پێنج پڵەس و شەشەم دا، لە کۆی 11 کێڵگەی گازی، تەنیا دوو کێڵگەی گازی سەرنجی کۆمپانیاکانیان بۆ وەبەرهێنان ڕاکێشاوە، ئەوانیش کێڵگەی گازی خلێسی لە پارێزگای ئەنبار و نەینەوا و کێڵگەی گازی قوڕنەین لە پارێزگای نەجەف و ئەنبار.

بەدیوێکی دیکەدا، لەکۆی 14 کێڵگەی نەوتی، کۆمپانیا چینییەکان ئامادەیيان بۆ وەبەرهێنان لە 8 کێڵگەدا بەڕێژەی جیاواز نیشانداوە، واتە 6 کێڵگەی نەوتی لەم دوو گەڕەدا ماونەتەوە و هیچ کۆمپانیایەک لەو 22 کۆمپانیا بەشداربووە ئامادەیيان بۆ وەبەرهێنان تێیاندا دەرنەبڕیوە. هەروەها، لەکۆی 4 کێڵگەی هاوبەش (نەوتی و گازی) لەم دوو گەڕەدا، کۆمپانیاکان ئامادەیيان بۆ وەبەرهێنان لە 3 کێڵگەیاندا دەربڕیوە.

خاڵێکی دیکەی پەیوەست بەم گرێبەستانە نێوەڕۆک و شێوازی گرێبەستەکان یان ڕێژەی قازانجی کۆمپانیاکانە کە هاوشێوەی ئەوانەی هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کردوویەتی و لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان دا کار دەکەن. لەکاتێکدا ناڕەزایی و مشتومڕی حکومەتی فیدراڵیی عێراق لەسەر بەشی کۆمپانیا نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە و هۆکاری سەرەکی دەستپێنەکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانە بۆ دەرەوە.

لەم گەڕەدا 22 کۆمپانیا لە 13 وڵاتی جیهانەوە ئامادەیی خۆیان بۆ وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتی و گازییەکان و هاوبەشەکانی عێراق دەربڕی، بەڵام تەنیا کۆمپانیاکانی چین و هەرێمی کوردستان توانیان لە کێبڕکێی تەندەرین و پەرەپێدانی ئەم کێڵگانە بەڕێژەی قازانجی 6.67٪ بۆ 32٪ گرێبەستەکان ببەنەوە و واژۆیان بکەن.

## جۆری گرێبەستەکانی گەڕی پێنج پڵەس و شەشەم؛ بۆچی عێراق پەنای بۆ هاوبەشیکردن لە قازانج برد؟

عیراق دوای دوو دەیە لە بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان و پەرەپێنەدانی کێڵگە گازییەکان و سووتانی گازی هاوەڵ لە بەرهەمهێنانی نەوت، کە لەلایەن کۆمپانیاکانی دەوڵەت و شێوازی گرێبەستی خزمەتگوزاری کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانەوە بەڕێوەی دەبرد، نەیتوانی قۆناخی گەورە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی سووتانی گازی هاوەڵ و وەبەرهێنان لە گازدا بکات، هەربۆیەش سەرئەنجام پەنای بۆ دوو شێوازی نوێی گرێبەست برد کە بە هاوبەشی لە قازانج ناویان دەبات.

هەروەها، سەرەڕای گۆڕانکارییەکان لەم دواییەدا و بەتایبەتیش لە گەڕی پێش ئەم دووانەدا و لە 2018ـدا، توانی چەند گرێبەستێک واژۆبکات کە گرێبەستەکانی کرێسنت پیترۆڵیوم و تۆتاڵ بوون، بەڵام ئەمەش نەیتوانی وەبەرهێنان بۆ ئەو کێڵگانە بهێنێت کە نوێن و کۆمپانیاکانی وەزارەتی نەوتی عێراق کاریان تێدا نەکردووە.

لەم دوو گەڕە نوێیە، عێراق پەیڕەوی هاوبەشیی لە قازانج کرد و هەردوو جۆری (گرێبەستی گەڕان، پەرەپێدان و بەرهەمهێنان EDPC) یان (گرێبەستی پەرەپێدان و بەرهەمهێنان DPC) بۆ کێڵگە گازی و نەوتییەکان ئامادەکرد، بەپێی گرێبەستە واژۆکراوەکان ڕێژەی قازانجی کۆمپانیاکان گەیشتووەتە سەروو 30٪، کە پێشووتر نەبینراوە.

عێراق لە ماوەی 20 ساڵی ڕابردوودا نەک نەیتوانی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بگەیێنێتە ئەو ئاستەی دەمێک ساڵە بانگەشەی بۆ دەکات کە سەروو 7 ملیۆن بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا، بەڵکو ئێستا زۆربەی بیرەکان پێویستیان بەکاری بوژاندنەوە هەیە کە بە 'Enhance Oil

'Recovery ناسراوە.

لەم ساڵانەی دواییدا کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی کەرتی نەوت نەک ئامادەییان بۆ وەبەرهێنان لە عێراق پێشان نەدەدا، بەڵکو کشانەوە، ئەمانەش چەند کۆمپانیایێکی دیاربوون کە یەکێکیان ئیکسۆن مۆبیل بوو. ئەم کشانەوانە لە قۆناخی پێویستی بیرەکان بۆ پەرەپێدان و نەبوونی کێڵگەی نوێ و پرۆژەی نوێ بۆ سوودبینین لە گازی هاوەڵ لە بەرهەمهێنانی نەوتەوە مەترسی گەورەی لەم کەرتەدا دروستکرد، کە چیدیکە ناتوانرێت درێژەی پێبدرێت ئەگەر رێگەیەکی نوێ نەگرێتەبەر، چونکە لە 2022ـدا بە رێژەی 93٪ بەشداری لە کۆی داهاتی عێراقدا کردووە.

عێراق سەرەڕای پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە نوێیە (هاوبەشی لە قازانج) بە هەردوو جۆرەکەیەوە، بەڵام لەم دوو گەڕەش دا نەیتوانی سەرنجی وەبەرهێنەران بۆ 16 کێڵگەی نەوتی، گازی و هاوبەش رابکێشێت، هەرچەندە 4 لەو کێڵگانە گەڕانیان تێدا کراوە و داتاکانی 2D Seismicـی ئامادەکراون، بگرە بیری تاقیکردنەوەشیان لێدراوە.

## رێژەی قازانجی کۆمپانیاکان و هۆکارەکانی پشت کۆمپانیاکانی چین و هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنان لەم کێڵگە نەوتی و گازییانەدا

رێژەی قازانجی کۆمپانیاکان و هۆکارەکانی پشت کۆمپانیاکانی چین و هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنان لەم کێڵگە نەوتی و گازییانەدا بەپێی داتا بڵاوکراوەکانی گرێبەستە واژۆکراوەکان لەم سێ رۆژەدا، رێژەی قازانجی کۆمپانیاکان لە 6.667٪ بۆ رێژەی 32٪ بەرزبووەتەوە، ئەوەش لەدوای تێچووی وەبەرهێنان وەکو لە خشتەی یەکەم دا هاتووە.

لەم دوو گەڕەدا سەرەڕای سەرنجی شرۆڤەکارانی کەرتی وزە لە بەخشینی رێژەی بەرزی قازانجی کۆمپانیاکان لە وەبەرهێنان لەو کێڵگانەی واژۆیان کردووە، دەرکەوتنی هەژموونی کۆمپانیا چینییەکان لە کەرتی وزەی عێراق بەتایبەتیش نەوت و وەرگرتنی سێ کێڵگەی نەوتی و گازی لەلایەن کۆمپانیای کارەوە.

گرنگیدانی چینییەکان بە کەرتی وزەی عێراق چ لە کڕینەوەی پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان بێت یان واژۆکردنی 10 گرێبەست بۆ پەرەپێدان لە وەبەرهێنانی نەوتی عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی؛ هەناردەی نەوتی عێراق بۆ چین رۆژانە لە 2023ـدا گەیشتووەتە 1.18 ملیۆن بەرمیل، واتە رێژەی 35٪ـی هەناردەی نەوتی عێراق بۆ چین بووە.

هەروەها، لەڕووی ئابوورییەوە لە 2022ـدا عێراق بە بەهای 14 ملیار دۆلار کاڵای لە چینەوە هاوردەکردووە، بەڵام لەو ساڵەدا عێراق بە بەهای 34 ملیار دۆلار بەرهەمی هەناردەی چین کردووە، کە تێیدا بەهای نەوتی هەناردەکراو 33.8 ملیار دۆلار بووە.

خشتەی 1: وردەکاری براوەکانی گەڕی پێنج پڵەس و شەشەمی گرێبەستە نەوتی، گازی و هاوبەشەکان لە عێراق دا

| ناوی کێڵگە نەوتی و گازییەکان | جۆری گەڕی گرێبەستەکان | پارێزگاکان | رووبەری کێڵگەکان مەتر دووجا | جۆری کێڵگەکان | بیری لێدراو و هەبوونی داتا | ناوی کۆمپانیاکان | وڵاتان | کۆمپانیای براوە | ڕێژەی پشکی کۆمپانیا | پشکی کۆتایی قازانجی کۆمپانیاکان بەڕێژە % |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ڕۆژهەڵاتی بەغداد - باکوور | گەڕی پێنجەم | بەغداد - سەلاحەدین | 231 | نەوت | 7 | زپیک ZPEC | چینی | زپیک ZPEC | 100% | 6.67% |
| ڤاو | گەڕی پێنجەم | بەسرە | 1398 | نەوت | 1 | یوئی جەی UEG | چینی | یوئی جەی UEG | 100% | 25.16% |
| دەیما | گەڕی پێنجەم | میسان | 451 | نەوت و گاز | 1 | کۆمپانیای کار | عێراقی - کوردی | کار | 100% | 6.20% |
| بلۆکی 7 | گەڕی پێنجەم | دیوانیە، بابلیۆن، نەجەف ، واست و موسەننا | 6300 | نەوت | 0 | سنۆک CNOOC | چینی | سنۆک CNOOC | 100% | 25.88% |
| قوڕنەین | گەڕی شەشەم | ئەنبار و نەجەف | 8773 | گاز | 0 | ژینوا Zhenhua | چینی | ژینوا Zhenhua | 100% | 17.30% |
| کۆمەڵەی فوراتی نێوەڕاست | گەڕی پێنجەم | نەجەف و کەربەلا | 1073 | نەوت و گاز | 6 | زپیک ZPEC | چینی | زپیک ZPEC | 100% | 9.35% |
| زورباتیە | گەڕی پێنجەم | دیالە و واست | 519.06 | نەوت | 0 | جیوجەید -JEO JADE | چینی | جیوجەید -JEO JADE | 100% | 7.65% |
| ئەبو خەیمە | گەڕی پێنجەم | موسەننا | 1809 | نەوت | 1 | ژینوا Zhenhua | چینی | ژینوا Zhenhua | 100% | 9.10% |
| کێڵگەی ساسان و ئالان | گەڕی پێنجەم | نەینەوا | 359 | نەوت و گاز | 1 | کۆمپانیای کار | عێراقی - کوردی | کار | 100% | 17.25% |
| خلێسی | گەڕی شەشەم | نەینەوا و ئەنبار | 8167 | گاز | 1 | کۆمپانیای کار | عێراقی - کوردی | کار | 100% | %32 |
| جەبەل سەنام | گەڕی پێنجەم | بەسرە | 235 | نەوت | 1 | جیوجەید -JEO JADE | چینی | جیوجەید -JEO JADE | 100% | 30.90% |
| زەفرییە | گەڕی پێنجەم | واست | 368 | نەوت | 2 | ئەنتۆن Anton | چینی | ئەنتۆن Anton | 100% | 29.16% |
| سومەر | گەڕی شەشەم | موسەننا | 1773 | نەوت | 0 | سینۆپیک Sinopec | چینی | سینۆپیک Sinopec | 100% | 17.85% |

سەرچاوە: وەزارەتی نەتی عێراق، بەشی گرێبەستەکان 1 بۆ 3ـی ئایار 2024

کۆمپانیای کار لە هەرێمی کوردستان وەک تاکە کۆمپانیای نێوخۆیی عێراق بە واژۆکردنی ئەو سێ گرێبەستەی لە گەڕی پێنج پلەس و شەشەمی گرێبەستەکاندا کردی، توانای وەبەرهێنانی کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستانی لە کەرتی نەوت و بەتایبەتیش گاز دەرخست، چونکە دوو لەو کێڵگانەی وەریگرتوون تێکەڵە (نەوت و گاز) و کێڵگەیەکیشیان بەتەنیا گازە، ئەمەش دەرخەری ئەزموونی کۆمپانیای کارە لە بەرهەمهێنانی نەوت و بەفیڕۆنەدانی گازی هاوەڵ.

راستییەکی دیکە لە پڕۆژەکانی ئەم دوو گەڕەی کێڵگە نەوتی و گازی و هاوبەشەکان لە سێ رۆژی رابردوودا دەرکەوت، زانیارییەکان بوون لەبارەی کێڵگە نەوتییەکانەوە، چونکە بەڕوونی دەردەکەوێت ئەو کێڵگانەی هیچ داتایەکی گەڕان و بیری تاقیکراوەیان نەبووە، کۆمپانیاکان ئامادەییان نەبووە بۆ وەبەرهێنان تێیاندا، وەکو لە خشتەی دووەم دا هاتووە. هەموو ئەمانەش لەکاتێکدایە کە لەو کێڵگانەی کۆمپانیا چینییەکان و کۆمپانیای کار گرێبەستەکانیان واژۆکردووە کێڵگەی تێدابووە کێبڕکێ لەنێو 8 کۆمپانیای بەشداربوو لە 22 کۆمپانیاکەدا بووە بۆ بردنەوەی تەندەرەکان و واژۆکردنی گرێبەستەکە.

خشتەی 2: وردەکاری ئەو کێڵگانەی گەڕی پێنج پلەس و شەشەم کە هیچ کۆمپانیاک ئامادەنەبوو وەبەرهێنانی تێدا بکات لە عێراق

| ناوی کێڵگە نەوتی و گازییەکان | جۆری گەڕی گرێبەستەکان | پارێزگاکان | رووبەری کێڵگەکان مەتر دووجا | جۆری کێڵگەکان | بیری لێدراو و هەبوونی داتا | ناوی کۆمپانیاکان | وڵاتان | کۆمپانیای براوە | رێژەی پشکی کۆمپانیا | پشکی کۆتایی قازانجی کۆمپانیاکان بەرێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| عۆکاشات | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 6783 | گاز | 0 | | | | | نەدراوە |
| ئاتز | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 8811 | گاز | 0 | | | | | نەدراوە |
| تل هاجەر | گەڕی شەشەم | نەینەوا | 7270 | گاز | 2 | | | | | نەدراوە |
| پۆڵخانە | گەڕی پێنجەم | سەلاحەدین | 412 | نەوت و گاز | 9 | | | | | نەدراوە |
| ئەتبها | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 6658 | گاز | 0 | | | | | نەدراوە |
| بلۆکی 11 | گەڕی پێنجەم | نەجەف و موسەننا | 6625 | نەوت | 1 | | | | | نەدراوە |
| ئەنبار | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 8534 | گاز | 0 | | | | | نەدراوە |
| تۆباڵ | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 9348 | گاز | 0 | | | | | نەدراوە |
| باکووری روتبا | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 6928 | گاز | 0 | | | | | نەدراوە |
| وەلید | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 8074 | گاز | 0 | | | | | نەدراوە |
| باشووری روتبا | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 8330 | گاز | 0 | | | | | نەدراوە |
| شیهابی | گەڕی پێنجەم | واست و میسان | 1428 | نەوت | 0 | | | | | نەدراوە |
| شەبیان | گەڕی شەشەم | موسەننا | 1629 | نەوت | 0 | | | | | نەدراوە |
| کەنداوی عەرەبی | گەڕی پێنجەم | لەنێو دەریا | 660 | نەوت | 0 | | | | | نەدراوە |
| ئەدان | گەڕی شەشەم | موسەننا | 4540 | نەوت | 0 | | | | | نەدراوە |
| قەڵات ساڵەح | گەڕی پێنجەم | میسان - بۆ پارێزگاکانی دیکە | 318 | نەوت | 1 | | | | | نەدراوە |

سەرچاوە: وەزارەتی نەتی عێراق، بەشی گرێبەستەکان 1-3ی ئایار 2024

# هۆکاری بەشدارینەکردنی کۆمپانیا ئەمریکییەکان و وەرنەگرتنی کێڵگەکان لەلایەن کۆمپانیا ئەورووپایی، خەلیجی، بەریتانی و رووسەکانەوە

گەڕی پێنج پلەس و شەشەمی گرێبەستە نەوتی، گازی و هاوبەشەکانی عێراق بڕیاربوو لە کۆتاییەکانی مانگی نیسان 2024دا بەڕێوەبچێت، بەڵام دوو هەفتەی دیکە درێژکرایەوە بە ئامانجی بەشداری کۆمپانیا ئەمریکییەکان بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتەدا، کەچی کۆمپانیا ئەمریکییەکان نەک هەر بەشدارییان نەکرد و تەندەرییان پێشکیش نەکرد، بەڵکو هەر گرنگییان پێنەدا، چونکە سەرکردە عێراقییەکان و بەتایبەتیش پێکهێنەرانی حکومەت و ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستە، رۆژانە باس لە دەرکردنی ئەمریکییەکان دەکەن، چ جای ئەوەی کە وەبەرهێنانی سەتان و ملیاران دۆلاری لە کەرتێکدا بکەن کە نازانن سەرمایەکانیان پارێزراو دەبێت یاخود نا، ئەمەش سەرەڕای دروستبوونی کێشە و بەردەوامیی کێشەی ئەو کۆمپانیا ئەمریکییانەی وەبەرهێنیان لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان دا کردووە.

هەروەها، سەرەڕای ئامادەبوونی کۆمپانیای شێڵی هۆڵەندی و بی پی بەریتانی، تەنانەت کۆمپانیا خەلیجییەکانی وەک کۆمپانیای قەتەر ئێنێرجی و ئەدنۆکی ئیماراتی بۆ بەشداریکردن لەم دوو گەڕەدا، هیچ گرێبەستێکیان نەبردەوە، هەرچەندە کۆمپانیا ئیماراتییەکان چوونەتە کێبڕکێکەوە، بەڵام هیچ گرێبەستێکیان وەرنەگرت.

لەڕاستی دا، ڕەنگە دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت وەرنەگرتنی یان نەتوانینی کێبڕکێی ئەم کۆمپانیانەوە هەبێت: یەکەمیان توانای کێبڕکێ لەگەڵ ئەو کۆمپانیانەی گرێبەستەکانیان وەرگرتووە بەهۆی دەستی کاری هەرزان و بەکارهێنانی تێچووی ئامێر و تەکنەلۆژیای هەرزان لە کارکردن دا. دووەمیان بەهۆی پابەندی بە وەبەرهێنان لە وزە نوێبووەکان و پلانی حکومەتەکانیان بۆ گواستنەوە بۆ وزە پاکەکان لە داهاتوودا.

لەم دوو گەڕەدا هەردوو کۆمپانیای گازپرۆم و لوک ئۆیڵی رووسی بەشدارییان کرد، بەڵام هیچ گرێبەستێکیان وەرنەگرت، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کۆمپانیا رووسییەکان لە تەواوی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە زۆری وەبەرهێنانیان لە کەرتی وزەدایە، چونکە ئێستا تووشی گرفتی وەرگرتنی پارەکانیان بوون، چ جای ئەوەی کە وەبەرهێنانی نوێ بکەن.

## کۆتایی

ئێستا ئەوەی لە کەرتی نەوت و گاز لە عێراق دا دەبینرێت ئەوەیە؛ کابینەکەی محەممەد شیاع سوودانی ئاسانکاریی بۆ واژۆکردنی گرێبەستەکان دەکات، بەشێوەیەک کە گەیشتووەتە رێژەی 30٪ـی قازانجی کۆمپانیاکان، کە لەوبارەیەوە قۆناخی دوو کابینەکەی پێش خۆی تێپەڕاندووە.

لەم کابینەیەدا گرێبەستەکانی بواری وزە لەڕووی واژۆکردنەوە زۆر براونەتە پێشەوە، چ لە واژۆکردنی گرێبەستی تۆتال، کرێسنت پێترۆلیوم بێت تاوەکو واژۆکردنی ئەم 13 گرێبەستەی چەند رۆژی رابردوو، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە؛ عێراق بەم هەموو باڵە سیاسی و بەرژەوەندییە ئابوورییە نێوخۆی و هەرێمییەوە و، تەنانەت ئەم هەموو گرووپە چەکدارەوە کە ئێستا کێشە بۆ پەرەپێدانی گازی کۆرمۆر دروست دەکەن، دەتوانێت ڕێگەکانی ئەو کۆمپانیایانەی ئەم گرێبەستانەیان واژۆکردووە و  بردووەتەوە، بخاتە سەر رێی جێبەجێکردن یاخود نا؟ هەرچەندە  قۆناخی جێبەجێکردنی گرێبەستەکانیش بۆ ماوەی 20 تاوەکو 25 ساڵی داهاتووە.

لە کۆتاییدا، بڕیاربوو حکومەتی تازەی عێراق دوای شەش مانگ یاسای نەوت و گاز لە عێراق دەربکات و کێشەکانی هەولێر و بەغدا چارەسەر بکات، بەڵام هێشتا هیچ دیار نییە و ئاسۆی هەناردەکردنەوەی نزیکەی نیو ملیۆن بەرمیل نەوت رۆژانە بۆ بەندەری جەیهان بەبێ چارەسەر ماوەتەوە.